# گفتۆگۆی: گرنگی فەلسەفە

29 ئایار 2023

جوان عزەت، کەنان بلیج

## کەنان بلیج: پرسیاری یەکەم/ فەلسەفە چییە؟

جوان عزەت: وەڵامدانەوە/ مژاری فەلسەفە مژارێکی گرنگ و ئاڵووزە، بەڵام ئەو مرۆڤەی کە دەبێتە منداڵی فەلسەفە دەبێ شرۆڤەکاریەکان زور بە ئاسانی بگەیەنێتە مرۆڤ و کۆمەڵگا. ئەگەر بڵێین فەلسەفە چییە؟ وا دیار دەبێت فەلسەفە، لە هەر قۆناغ و سەردەمێک خەریکی دروستکردنی پێناسەیەک بووە، چۆنکە فەلسەفە خۆی لە خۆیدا دەرگایەکی زانینی کراوەیە و مرۆڤ ناتوانێت پێناسەیەکی تەواوی چێنراوە بۆی هەبێت، بەڵکۆ ئەوەی بووە ماوەی فەلسەفە دروستکردنی بیری فیلۆسۆفەکان بووە، هەر فیلۆسوفێکیش توانیوێتی بەپێی بیرکردنەوەی خۆی پێناسەی بۆ دابرێژێت. بۆیە ئەوەی وەکۆ زمان بووە پێناسەیەکی چێنراوی فەلسەفە ئەوە بووە، کە "خۆشەویستیە بۆ دانایی" ئانکۆ کۆکەرەوەی ئەم مانایە لە وشەی "فیلۆ+سۆفیا" دەستی پێکردووە. ئەویش دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی فەلسەفی کۆنی گریکیەکان. "سۆلۆن" یەکەم فیلۆسۆف بووە وتی، "میللەتی ئێمە فەلسەفە دەکات" و پاش هاتنی "سۆکرات" فەلسەفە بووە ناوەرۆکی خۆشەویستی دانایی. بەڵام ئەوەی من دەمەوێت بیگەیەنم ئەوەیە، کە فەلسەفە هاتووە بۆ ئەوەی خۆشەویستی ژیان درۆست بکات و دەبێ پێچەوانەی ئەوە زانین بۆ خۆشەویستی بێت، نەک خۆشەویستی بۆ زانین بێت. چۆنکە خۆشەویستی بناغەی بەرهەمهێنانەوەی ژیانە. ئەوەی خۆشەویستی هەبێت دەتوانێت زانینیش بەدەست بهێنێت و خۆشەویستی دەتوانێت هەموو زانست و زانینێک بناسێت. هەروەها فەلسەفە وەکۆ پێناسە من دەتوانم بڵێم ئەوەیە، کە هاتووە ئەقڵی مرۆڤ روونی بکاتەوە. هەر وەکۆ مرۆڤ مۆمێک لە جێگایەک دابگیرسێنێت و رووناکی بکات و وەکۆ کەڵەکردنی مەعریفی و گەردوونێکی بچووک لەناو گەردوونێکی گەورەدا خۆی بەرهەم بهێنێت. هەتا لەگەڵ ئەوەش دەتوانێت بە زورترین پێناسە دیاری بکات، وەکۆ ئەوەی، کە فەلسەفە ئەقڵە، شارە، رەخنەیە، وزەیە، پرسیارکردنەوەیە، گومانە، راهێنانی چالاکی بیرکردنەوەیە و ئەوەی لە هەمووان گرنگترە ئەوەیە، فەلسەفە بیرکردنەوەیە لە ناو بیرکردنەوەدا و هۆنەری پێکهێنانەوەی رووناکی و رۆشنکردنەوەی چەمکەکانە بە چەمکی بناغەیی ژیانەوە بە شێوەی گشتی فەلسەفە ژیانە و ژیانیش فەلسەفەیە.

## کەنان بلیج: پرسیاری دووەم/ بەهای فەلسەفە لە چی دایە؟

جوان عزەت: وەڵامدانەوە/ بەهای فەلسەفە لە سەر سێ قۆناغی گرنگ پێکهاتووە:

**یەکەم:** ئەوە بوو، کە "ئەسڵی بوون چییە؟" مرۆڤ بەردەوام ویستوویەتی ببێتە گەڕیدەی ئەم پرسە قووڵە، ئایا فەلسەفە چۆن دەتوانێت بوون بدۆزێتەوە؟ ئەمەش دیارە کە لە سەردەمی هیراکلیتۆس تا ئەم سەردەمە بەدواچوونەوەی گۆڕینی جەوهەری شتەکان روون بووە، کە بوون شتێکی جێگیرە. بەڵام ئەسڵی شتەکە، یاخۆد گۆڕینی شتەکە لە هەبوون دایە. بۆیە هیراکلیتۆس

لەسەر ئەوە راهاتووە کە هەبووەکان دەبێ بەردەوام لە گۆرینەوەدا بن و هیچ شتێک نییە جێگیر بێت، تەنها گۆرین نەبێت و ئەگەر گۆرین نەبێت نەبوون و نەمان دەمێنێت.

**دووەم:** ئەوە بوو کە "فەلسەفە ئیپستمۆلۆژی یاخود ناسینی مەعریفە بووە". بۆ ئەوەی ئێمە بگەرێنەوە ناو ناسینی خۆدی مەعریفە دەبێت بگەرێنەوە ناو ناسینی خۆدی ناوەڕۆکی ناوەوەی خۆمان. لەگەڵ ئەودا، ئەو مەعریفەیە ببێتە ئاشکەراکردنەوەی ئەو نهێنیە شاراوانەی لە پشت شتە ناواقعیەکانە. چۆنکە ئەوەی مرۆڤ هوشیار دەکاتەوە دیاردە واقعیەکانە، واقیع هەرگیز روو لە ناراستی ناکات، بەلکۆ ئیشی واقیع ئەوەیە کە راستیەکان بخاتە بەرچاوی مرۆڤ. بۆئەوەی تاک و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو پر لە مەعریفە و وزە و جوانی فەلسەفە بەرهەم بهێت.

**خاڵی سێیەم:** فەلسەفە گرێدراوی پێکهاتەیی "ئاکسۆلۆژی/ بەها و پرەنسیپ بووە"، ئەمەش پەیوەندی راستەوخۆ بە کرداری چاکە و خراپەی مرۆڤ و کۆمەڵگاکانەوە هەیە. ئایا چۆن مرۆڤ دەتوانێت ببێتە مرۆڤێکی فەزیلەتمەند؟ فەزیلەتیش لە ئەنجامی کارکردنەوەی هێڵی بەها و پرەنسیپ دا دەتوانێت تاکێکی خاوەن بوونی ئازاد و سەربەخۆ بەدی بێنێت.

**کەنان بلیچ: پرسیاری سێیەم/ *ئایا* بەهایی مرۆڤ لە ئازادی دایە *یاخۆد* لە مرۆڤبوون دایە؟**

جوان عزەت: وەڵامدانەوە/ بێگۆمان ئەگەر ئازادی نەبێت مرۆڤ ناتوانێت بگاتە قۆناغی سەرووی مرۆڤبوون. مرۆڤ لە سرۆشتەوە خاوەنی ئازادی‌یە. بەڵام ئەوەی کە فەلسەفە نیشانی مرۆڤی داوە، ئەوەیە کە مرۆڤ هەوڵ بدات ئەو ئازادییەیی بەدەستی دەهێنێت لە سنووری خۆیەوە تێنەپەرێنێت، چۆنکە ئازادی لە هەموو شتێک بەنرختره و لەبری ئەوە ئازادی شتێک نییە کە مرۆڤ داوا نەکات و لاوەکی بێت، بەلکۆ ئازادی شتێکی سەرەکی‌یە بە شەڕ بەدەست دێت و بە مردن کۆتایی دێت. لەم بارەوە من پێموایە ئەوەی کە ئازادی بناسێت دەبێت بندەستی بناسێت، چۆنکە هیچ شتێک نییە دیالکتیکی خۆی نەبێت. ئازادیش لە بندەستیەوە سەري هەڵداوە وە ئەگەر بیرکردنەوەی ئەقڵی مرۆڤ لە بارەی ئازادیەوە نەبێت ئەو کاتە مرۆڤ روو لە بندەستی دەکات و بندەستی ناتوانێت ئازادی، مەدەنی و دیمۆکراسی و کۆمەڵگایەکی سەروەر بەدی بهێنێت. بەڵکۆ، هەندێک شتی تر دەتوانن جێگای ئازادی بگرن ئەویش وزەی نەرێنی و رق و کین و دەمارگیری و تۆندۆتیژی و هتد، وەکو چۆن ماموستایەک دێت لە جێگای بیری خۆیندکار بیردەکات، بەو شێوازە دەسەلاتداریش پێش بیرکردنەوەی جەماوەر بریار دەدات و مەلایەکیش بەو شێوازە لە سەر حیسابی بیرکردنەوەی هەموو مۆسلمانەکان بریاری بیرکردنەوەیەک دەدات، ئەمە وا دەکات نە ئازادی جێگای خۆی بگرێت و نە بیر و هۆش بکەوێتە کارکردنەوە. بەڵکۆ تاک بەرە بەرە بەرەو بێ هێوایی و بێ ئەرک و بێ مافی دەروات و رێگایش پێ نادرێت خۆی ببێتە خاوەنی ناسینی خۆدی دەروون و فکری تایبەت بە خۆی.

**کەنان بلیچ: پرسیاری چوارەم/ هەر قۆناغێک توانیوە جۆرێک لە فەلسەفە بەرهەم بهێنێت، بەڵام کام قۆناغ توانیوێتی لە هەموو قۆناغەکانی تر ببێتە *مایەی* دروستکردنەوەی قۆناغی گرنگ و رۆڵی فەلسەفە؟**

جوان عزەت: وەڵامدانەوە/ ئەگەر ئێمە بچینەوە سەر گرێکی دێرین، دەبینین کە فەلسەفە توانیوێتی سوود و ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبێت، بەڵام لە دوای کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی یاخۆد چەرخی ناوین بە چەرخی تاریکی ناوبانگە، ئەو کاتە ڕۆڵ و گرنگی فەلسەفە لە کەمکردنەوەدا بوو، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەوکاتە دوو چەمکی سەرەکی ڕۆڵی خۆی بینیوە ئەویش "ڕۆڵی چەمکی ئاینی مەسیحی/ کلێسە و ڕۆڵی چەمکی دەرەبەگی/ فیۆدالیزم". ئەم چەمکانە وای لە تاک و کۆمەڵگا کرد کە زۆر بیر لە بوارەکانی ژیان نەکاتەوە بە تایبەتی هەندێک جار ئاینی مەسیحیەت و فەلسەفە دەکەوتنە ناو مشتومڕی ناکۆکیەکی زۆری نا قبوولکردن. پاشان دیکارت هات، ئەو گۆمانی لە لایەن خۆدی خۆی و خەڵکەوە دروست کرد، ئەم گۆمانە توانی ژیان بەرەو ڕۆڵی ئەقلانیەت ببات و ئەقلانیەتیش بەدەر نەبوو لە ناکۆکی و ڕەخنە. بەڵام ئەوەی ئەو کردوویەتی بەشێکی گرنگی وشیارکردنەوە و بە ئاگاهاتنەوە تاکەکەکانی ناو کۆمەڵگاکان بوو. ئەگەر ئێمە بیر لە کۆمەڵگایی کوردی بکەینەوە، دەبینین تا ئێستا بە باشی نەگەیشتۆتە ناو قۆناغی دیکارتی، چۆنکە کۆمەڵگایی ئێمە زیاتر کۆمەڵگایەکی پلاتوونیی‌یە و لە بواری بە ئاگاهاتنەوەی مێشک بەرەو ئاستی تێگەیشتنی ئەقڵ و ئەقڵانیەت زۆر درەنگ ماوە. ئەگەر بڵێین بۆچی درەنگ ماوە؟ لەبەر ئەوەی هەندێک شتیتر ڕۆڵی خۆی لە جێگای ئەقڵ دەبینن، وەکو چەمکی دەرەبەگی و ڕووکەشی بیری ئاینی. ئەمە زورتر تاک و کۆمەڵگای بەرەو هێڵی وەستانەوە و خەیاڵکردنەوە وپرسیارکردن و لێگەڕین بردووە. و خاڵی هەرە گرنگی نەبوونی ئەقڵ و ئەقڵانیەت ئەوەیە، کە کۆمەڵگاي ئێمە نەکەوتووەتەوە ناو قۆناغی"ڕێنیساس و ڕۆشنگەری و پیشەسازی"، بۆ ئەوە دروستکردنەوەی چابخانە و تاک و سەروەری خێزان و کۆمەڵگایی مەدەنی و سیاسەتێکی بە مانایی سیاسەت و هۆنەری سیاسی بێتە پێشەوە تاکو ئیمەیش وەکو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان سوودی خۆی لێ وەربگرین. ئەگەر سەیری سیستەم و کۆمەڵگایە ڕۆژئاوایەکان بکەین لە سەر چەندین بنەمایی فەلسەفی خۆیان بۆنیاد ناوە وەکۆ ڕێنیساس و ریفۆرم و دروستکرنەوەی شۆرشە جیاجیایەکان لە بواری ئازادی مرۆڤ و تاک و تەواوی کۆمەڵگا. لەرووی پیشەسازیەوە ئەگەر سەیری بکەین ڕاستە هێزی سەرمایەداری و بازرگانی و دەسەڵاتداری چەندە دژی بیری مارکس بێت و خواستی ئەوە نەبێت کۆمۆنیزم سەربگرێت، هەر ئەوەندەش پێویستی بە ئابووری مارکس هەیە، چۆنکە ئەوەی ئەمرۆ ئێمە دەیبنین پەیوەندیەکی پتەوەی ئابوورە و ئابوور بەرهەمی دروستکردنەوەی ژیانە. کە چۆن من و تۆ پێویستمان بە ئابووری مارکس هەیە، بەو شێوازە چینە سەردەستەکانیش پێویستییان بە ئابووریەک هەیە و بەو ئابووریەوە دەتوانێن تەواوی تاک و کۆمەڵگا بچەوسێنێرێن. ئەمەش مەترسی خۆی هەیە، بۆیە "مارکس" لە سەر ئەوە کۆک بووە، کە دەبێ ئابووری بگەرێتەوە شێوێنی دروستی خۆی بۆ چینە ژێردەستەکان نەک چینە دەسەڵاتدارەکان! و لێرە پرسیارێکی فەلسەفیانە دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە: ئایا بۆچی کۆمەڵگایی خۆرهەڵاتیەکان ستەمکاری پێوە دیارە؟ چۆنکە پیشەسازی لە ڕۆژئاوا توانیوێتی تا ئاستێک ئامیرەکانی کار بەرهەم بهێنیت، بەو ئامیرانە ئەقڵ هیواش هێواش بەرەو پێشەوە ڕۆیشت و ئابووری توانی سیستەمی ئیشکردنی خۆی گەورەتر بکات و مرۆڤیش لەگەڵ ئەو ئیشکردنەدا دەست بکات بە پرسیارکردن و تاقیکردنەوەی ڕێگایی نوێ. بەڵام لە خۆرهەڵات شتێکی ترە، ئەویش ئەو ئامیرانە نەکەوتوونەتەوە کارکردن و زوربەی هەرە زوری تاکەکان بێ کار و ئیشن، پیشەسازی ڕۆڵی خۆی لە سازکردنی کۆمپەنی و گەشتیاری و گشتۆکاڵی و کاریگەریەکان بە باشی نەبینیوە. بۆ نموونە، تا ئێستا ژن لە

ژێر سایەیی سێبەری پیاو ژێردەستەیە و نەبووە بە خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆی، ئەمە وا دەکات کە ژن و منداڵ بکەونە ناو جۆرێک لە جۆرەکانی ستەم و ستەمکاری بە تایبەتی مامەڵەکردنەوەی ئەو بە مامەڵەکردنەوەی سەردار و کۆیلە لەگەڵی ئەنجام دەدرێت! ئەم ناتێگەیشتنە وا دەکات پیاو زاڵ بێت و ئابووری زیاتر بکەوێتە دەستی ئەو، بۆ ئەوەی بەردەوام خەریکی سیستەم بەرێوەبردنەوە بێت. بۆیە ئێمە نەگەیشتووینەتە قۆناغی گەشەپێدانی بیر و هۆشی سەرووی مرۆڤەوە و روو لە ستەم و ستەمکاری و تۆندۆتیژی و بێ مافی دەکەین.

### کەنان بلیچ: پرسیاری پێنجەیەم/ ئایا ئاین و فەلسەفە لەگەڵ یەکتری ناکۆکن؟

جوان عزەت: وەڵامدانەوە/ ئەم پرسیارە پرسیارێکی قوولی فکرییە. مرۆڤ، دەتوانێت بڵێت ژیان لە سەر پێکهاتەی ناکۆکی هاتووەتەوە بوون، چۆنکە ئەو شتەی ناکۆکی تیادا نەبێت، فکر دروست نابێت. لەبەر ئەوە ئەگەر سەیری مێژووی فەلسەفە بکەین لە کاتی خۆیدا "کانت" هات لەسەر ئەم ناکۆکییەیی کە لە نێوان ئاین و فەلسەفەدا هەبووە دیوارێکی دامەزراند بۆ ئەوەی دوو جیهان دروست بن. جیهانێک کە ئێمەی مرۆڤ هەستی پێ نەکەین و نایبینین؛ جیهانێک کە جیهانی فینۆمینە، ئەوەی دەبێتە دیاردەیەکی واقیعی و بەردەوام دەیبینین. ئەم جیهانە زیاتر قورسایی خستە سەر شانی تاکەکان بۆ ئەوەی لە ئاین و فەلسەفە تێبگەین، دواتر "هێگڵ" هات بە بیرکردنەوەکی تر، توانی ئەم دیوارەی کانت لابدات و بگۆرێت بۆ دیواری دیالکتیکی. دیالێکتیک بە مانای راستی کۆکردنەوەی گفتۆکۆ لە نێوان دژبەیەکەکان، یاخۆد ناکۆکیەکان. بۆنموونە تێز/ بەمانای بیر، ئەنتی تێز/ بە مانایی دژە تێز، سەنتێز/ بە مانایی کۆکردنەوە و بەرهەمهێناوەی بیرێکی نوێ. بەڵام ئەوەی لەناو کۆمەڵگایی ئێمە جێ مشتۆمری گەورەیە و نەگەیشتووین بە بیرکردنەوەیەکی باشی فکری ئاینی گەردوونی و تێگەیشتی فەلسەفی، ئەوە بوو کە ئەم وشەیە بە زمانی عەرەبی بە مانا جدل/ یاخۆد مشتومڕ و ناقبوولکردن هاتووەتەوە ناو مێشکی ئێمە دا. ئەمە وای لە تاک کردووە کە هەوڵ نەدات گفتۆگۆ لە سەر بیرە جیاوازەکان بهێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەکی نوێ لەناو خۆدی تێگەیشتنی ئاین و فەلسەفەدا درۆست ببێت.

### کەنان بلیچ: پرسیاری شەشەم و کۆتایی/ ئایا جیاوازی لە نێوان زانست و فەلسەفە چییە؟

جوان عزەت: وەڵامدانەوە/ هەر لە سەرەتایی ناسینی ژیانەوە زانست و فەلسەفە پێکەوە لە دەمێکەوە خەریکی روونکردنەوەی چەمکی ژیان و شرۆڤەکاری رەوانینی گەردوون و جیهان بوون. راستە پێشەي فیلۆسوف و زاناکان کەمێک لە ڕووی بیرکردنەوە جیاوازی خۆی هەبوو، بەڵام ئەوکاتە ئەگەر زاناکان نەهاتبوونەوە ژیان، فیلۆسۆفەکانیش درۆست نەدەبوون و بەپێچەوانەوەش، ئەگەر فیلۆسوفەکان بیرکردنەوەی خۆیان رێک نەختستبا زانەکان دروست نەدەبوون. بەڵام پشتی پێشکەوتنی ژیانی سەردەم ئیتر زانستەکان تایبەمەندی خۆیان وەرگرت و فەلسەفەیش بەرەو تەنیایی چوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو تایبەتمەندیەک بووە زانستێک، بەڵام فەلسەفە تا ئێستایش خەریکی هاوکاری کردنی زانستە، بۆچی؟ چۆنکە جیاوازی زانست بوونە یاخۆد هەیە و حەقیقەتە. بەڵام فەلسەفە هەبوونە لە هەبووەکان دەگەرێت! ئانکو بە شێوەیەکی ئاسانتر وەکۆ بێرتراند راسل دەڵێت: "جیاوازی لە نێوان زانست و فەلسەفە ئەوەیە، کە ئێمە زانست

دەبینین، بەڵام فەڵسەفە نابینین". لێرەدا جیاوازی فەڵسەفە لەوەدایە، کە بەردەوام لە حەقیقەت دەگەڕێت و دەرگایەکی کراوەیە، وەکو ئەوەی، چۆن بزیشکێک دەتوانێت بە شێوەیەکی ئەخلاقی مامەڵە لەگەڵ نەخوەشەکان بکات ئەگەر فەڵسەفەی ئەخلاقی نەخوێندبێت؟ ئا بەو شێوەیە هونەرمەندیش ناتوانێت هارمۆنی رەنگەکان تێکەڵی یەکتری بکات و شێوەکاری خۆی ساز بکات، ئەگەر فەڵسەفەی جوانی تێنەگەیشتبێت.

ئانکۆ، بەکورتی زانست راستیيە و هەیە، فەڵسەفە لە راستی دەگەڕێت و شاراوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر زانستێک پێویستی بە فەڵسەفە هەیە و فەڵسەفەیش بێ زانست ناتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێت. بۆیە بە بووچۆنی من دەبێ هەردووکیان لە یەک کەنار بەرێوە بچن و ڕێگا لە سەر تێگەیشتنە نوێ جیاجیایەکانی واقیع تاقی بکەنەوە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ سیستەمی خۆی سەردەم دوای سەردەم بگۆڕێت و لەگەڵ گۆرینەوە لە وزەی ژیان دا بێت.

دیداری تیڤی: پێشکەشکار/ کەنان بلیج . شرۆڤەکاری/ جوان عزەت